# کێ بەر پرسیارە لە کیمیا بارانی شاری هەڵبجە؟

**عادل ئیبراهیم**

بەریز کاک هشام ئاکرەیی لە بەردەم ئەو دادگایەی دروستیکردووە بە دروستی ئەوەی دەست نیشان کردووە کە تاوانباری کیمیا بارانی هەلبەجە لە باری یاسایەوە حکومەتی بەعسە، واتە بکەری ئەو تاوانە گەورەیە سەدام و تاقمەکەیەتی، هەروەها کاک هشام دەیەوەێت لەو روداوەدا هەردوو لایەنەکەی تر لە یەکیتی و جمهوری ئیسلامی لە بەردەم دادگاکەیدا بە بێ تاوان بیان کاتە دەرەوە، تەنها وەک رەخنە و مەسەلەیەکی ئەخلاقی لە سەریان حساب بکرێت.

بەداخەوە دەلیم کە کاک هشام تا لە باری یاساییەو بۆ بێ تاوانکردنی دوولایەنکەی تر نەیتوانیەوە لەبەردەم دادگاکەیدا لیکۆلینەوەیکی باش بکات، زۆر تاوان هەن کە لە باری جێ بەجێ بونیەو کەسێک دەناسرێت وەک بکەرەکەی بەلام لە پشتی ئەو تاوانەوە لەوانەیە چەندان کەسی تر وەستابن، کە فرمانیان دەرکردووە و دەوریان بووە و بونەتە هۆی پێک هینانی تاوانەکە، ئەوانەش تاوانبارن کە لە باری یاساییەوە هەندێ جار ئەوانە حوکمیان زیاترە.

هەروەها لە بەردەم دادگا و یاسادا ئەو کەسەی چەک ئەدات بە کەسێ و ئەزانی بەو چەکە تاوانیک دەکات هەر تاوانبارە.

کەسانێ دەزانن تاوانێک خەریکە روو ئەدات و ئەتوانن نەهێلن رووبدات بەلام بە ئارەزوو یان لە بەر مەبەستێک بەری پێ ناگرن لە باری یاساییەوە هەر تاوانبارن و سزا ئەدرێن. بۆنمونە کەسیک خەریکە دەکوژرێت و ئەتوانی رزگاری کەی بەلام بە ئارەزوو ئەو کارە ناکەی هەر تاوانە.

لە باری یاساییەوە لەگەل تاوانباری بکەردا کەسانیک هەن هیچیان نەکردووە بەلام شەریکن و لەپشتی تاوانکەوە بون کە لە باری یاساییەوە هەر تاوانبارن وەک بکەرەکە سزادەدرێن.

نمونە زۆرن کە لە باری یاساییەوە کۆی کەیتەوە کە تاوانباران کێن، بەلام گەر زۆر بەدوای ئەو دادگایەی کاک هشام دای ناوە برۆین، ئەتوانرێت حیزبی بەعس و سەدام و تاقمەکەشی بێ تاوان بۆی دەرچن، چونکە تەنها ئەوکەسەی بە فرۆکە بۆمبەکانی هەلداوە بکەرە و تاوانبارە و ئەو کەسانەی تۆپەکانیان هاویشتووە بکەرن و تاوانبارن.

ئازیزەکەم کاک هشام یەکێتی و جمهوری ئیسلامی کاتی چونەتە ناو هەلبجەوە سوور زانیویانە کیمیا باران دەکریت و بۆ خۆیان قناعیان پێبووە بۆ پاراستنی خۆیان. واتە بە ئاگاییەوە زەمینە سازکەری ئەوەتاوانە بون، ئەمە لە باری یاساییەوە تاوانیکی گەورەیە لە سەریان، لەوەش تاوانی گەورەتر خەلکەکە ویستویانە دەرچن ریگەیان پێ نەداون واتە لە گەل ئەوەی زانیویانە کیمیاباران دەکرێت نەک یارمەتیان نەداون بەلکو ریگەشیان پێ گرتون و خەلکەکەیان داوەتە بەر تۆپە کیمیاویەکان، واتە بەتاوانەکەیان زانیەوە بەئارەزوو و لەبەر مەبەستێک بەریان پێ نەگرتووە و هاندەر بون بۆ ئەوەی روو بدات. ئەمە لە باری یاساییەوە دەبنە شەریکی ئەوتاوانە و حوکمیان وەک بکەرەکە وایە. جا بە دوی ئەوانەشدا تالانی و دزیەکانیان لەسەر بکەیتە مال ئەوە سزاکەیان قولتر دەبێتەوە.

جا بۆ ئەوەی بۆ تۆ و خەلکی زیاتر رۆشن بێتەوە گەر دادگایەکی عادلانە دابنێین دەبێت سەدام و تاقمەکەی، یەکیتی و جمهوری ئیسلامی دادگایی بکرێن و لەسەر ئەو تاوانە گەورەیە سزا بدرێن، هەروەها دەولەتی ئەمریکاش سزا دەیگریتەوە چونکە هاندەری حکومەتی عیراق بووە لەشەری ئیران و عیراقدا، وە نابێت خاوەنی ئەو کارگە ئەلمانیەشمان بیر چێت کە کەرەسە کیمیاویەکەی فرۆشتووە بە عیراق.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت